# مووسڵ و کورد!

سیروان کاروانی



کوردەکانی لە ناو شاری مووسڵ و دەڤەرەکەی دەژیان و ئێستاش کە بەشێکی زۆریان لەوێدا ماون، خاوەن مێژووی خۆیانن و بگرە بۆ سەربەخۆیی کوردستان و لە دەست زوڵموزۆریی هێزە داگیرکەرەکانەوە سەرهەڵدانیشیان بەرپا کردووە، بۆ نموونە سەرهەڵدانی کوردەکانی مووسڵ، ئەرزرووم و بەتلیس ساڵی 1907(1) و زۆریش لە کۆندا سەرهەڵدانی کوردەکانی چیای ژەنگار (جبل سنجار) ساڵی 1830 – 1833(2). ئەمانە جگە لەوەی بەشداریی زۆربەی شۆڕشەکانی تریان کردووە.

سڕینەوەی مێژووی ئەوان دەچێتە خانەی تێگەیشتنی خراپ لە مێژوو. لە ڕەوشی ئەمڕۆدا، پاش چەندین جار ڕاونان و داگیرکردن و دەرپەڕاندنیان لەو ناوچانەدا کورد زۆرینە نین و لە هێندێک لە گەڕەکەکاندا لەژێر گووشاری ئێجگار سەختدا وا لە کوردەکان کراوە زمانی زگماکی خۆیان لەبیر بچێتەوە و منداڵەکانیان عەرەبی ناوزەد بکەن کە ئەمیش کارەساتی مەزنی بەدوادا هاتووە.

تورکیا زۆر لە ئێستای ئێمەی باشتر دەزانی کە ئەو دوو شارە گرنگە واتە کەرکووک و مووسڵ، کورد تیایاندا خاوەن مێژوویەکی کۆن و دیار و بەرچاوە، بۆیە هەمیشە شین و شادیی ئەوەی پێکەوە دەگێڕا کە ئەگەر کورد بچێتە ناو ئەو دوو شارە و دەستیان بەسەردا بگرێ، ئەوا ئەم بە هێزی سوپای گەورەوە خۆی پێدا دەکا و داگیریان دەکا، هەر کە ئەو گوتە خۆشانەیشی دەبیست چۆن دەبوونە مایەی بەڵێنێک بۆ مەرامەکانی، ئەوا دەگەشایەوە و بۆ ماوەیەک ددانی بەر خۆیدا دەگرت و لە هەڕەشەکانی دەوەستا. ئەمەش لەوەدا دەسەلمێندرێ کە تورکیا غەمی چ شارێکی عەرەبی (شارەکان)ی عێراقی نەبوو لە کاتی ڕزگارکردنی عێراقدا لە لایەن کوردەکانەوە دەستیان بەسەردا بگیرێ. تورکیا لەوە دەترسا کوردەکان لەناو شارەکانی کەرکووک و مووسڵ بمێننەوە و بە پێی تێپەڕبوونی کاتیش سیما نەتەوەییەکانی ناو شار و دەوروبەرەکەیان بگەڕێننەوە. دیارە لایشی مسۆگەر بووە کە لە لایەن کوردەکانی وێندەرێوە پشتیوانی دەکرێن و بەمەش بە شێوەیەکی گشتی کوردایەتی لەو ناوچانەدا دەبووژێتەوە. ڕژێمی تورکیا دەیویست کەرکووک بخاتە دەستی تورکمانەکانەوە، ئەدی مووسڵی بە کێ دەسپارد؟

سەیر لەوەدایە کە شاری کەرکووک لە مێژوویەکی ئێجگار دوورەوە زۆرینەی دانیشتوانەکەی هەر کورد بوونە و ئەمەش ئامارەکان سانا دەیسەلمێنن، وا ئێستاش بووە بە شاری گشتی. ئەگەر وابێ، ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە خۆ ئەوەتا مووسڵیش چەندین گەڕەکی ناو جەرگەی شارەکە کورد بوون و لە سەردەمی ئێستاش پاش ئەو هەموو بەعەرەب کردن و

ڕاگواستنە، هێشتا کوردێکی زۆری لێ دەژین و دەوروبەری شارەکەش زۆرینەی کوردن، بۆچی ناوی لێ نانێن شاری برایەتی؟




لەسەر ناوی مووسڵ و مێژووەکەی نووسراوە و بەڵگەنامەیەکی ئێجگار زۆر هەن و لەناو ئەوانەشدا، هێندێک جار داگیرکەرانی خاکەکەش ناچار بوونە بۆ ناسینەوەی شوێنەکان بە کوردییەوە ناویان بهێنن. لێرەدا بە کورتی لەسەر ناوی مووسڵ نموونە دەهێنینەوە:

مووسڵ: شارێکی گەورەیە لە بەشی خوارووی کوردستان. ئەم شارە لە مێژوودا چەند ناوێکی بەخۆوە گرتووە ئەمیش بە هۆی چەندین جار دەستبەسەراگرتنی لە لایەن دەستەڵاتی جۆراوجۆرەوە.

1- لە سەرەتادا و لە سەردەمی ئارامییەکان ناوی قەڵای ڕۆژئاوا (حصن عبورایا) بووە، بۆ جیاکردنەوەی لە قەڵای ڕۆژهەڵات کە (نەینەوا) بووە.

2- لە سەردەمی دەستەڵاتی فارسەکان و کاتی فەرمانڕەوایی ئەردەشێر ناوی گۆڕا بۆ (نو ئەردەشێر) واتە (ئەردەشێری نوێ، ئەردەشێری تازە).

3- لە سەردەمی هێرشی ئیسلام بۆ ناوچەکە و دەستبەسەراگرتنی، ناوی شارەکە تەعریب کراو بوو بە (موصل)، مووسڵ، کە مانای شوێن یاخود جێگا دەگەیێنێ، ئەو شوێنەی دوو ناوچە یاخود دوو شوێنی تر بەیەکەوە دەبەستێتەوە. شایانی باسە بە پێی هەمان سەرچاوە کە لە خوارەوە دەستنیشان دەکرێ، ئەم شارە لە چارەگی یەکەمی سەدەی یەکەمی زاییندا دانیشتوانەکەی بە گشتی کورد بوونە وەک لە پەڕتووکی (بلدان خلافه الشرقیه- لوسترنج)دا هاتووە(3).

13.07.2003

سەرچاوە:

(1): د. عەزیزی شەمزینی لە دیدارێکی گۆڤاری کوردستانی ئیمڕۆ, ژ 4, لاپەڕە 27, ساڵی 2000

(2): هەمان سەرچاوە

(3): جەلال جەوهەر عەزیز، کوردستانی نوێ ژ2404 ل19، 20